**بۆ 8 مارس**

# من رووبارم

ناسر حەقپەرەست
darya_naser@yahoo.com

من دڵۆپم
من کانیم
من رووبارم
ئەو رووبارەی ، بە دڵێکی پاکەوە
هەوێنی ژیانی
هەموو بوونەوەرێکم
ئەو رووبارەی بە ژیان گیان و
بە گیان ژیان دەبەخشم
من رووبارم و هێدی هێدی
رێگای پڕ بادەوەی
ناو چیا سەرکەش و دارستانە چڕەکان
تێپەڕ ئەکەم

من رووبارم
رێبوارێکم لەم سەفەرەدا
بە گژ هەزاران تاشە بەرد، بنچکەڵان و
تاڤگەی نیاگارادا دەچمەوە
من رووبارێکم
رێگام بەرەو مەندی
بەرەو ئارامی

بەرەو یەکگرتوویی ناو دەریاکان
پشت سەر ئەنێم

من رووبارێکم
سەر رێگەم
پڕە لە لەمپەر و درز و جەردە
هەر هەمووی گیان و ژینمیان دەوێ
من رێبوارێکم سەر رێگەم
پڕە لە مینی قینی کوشندە
پڕە لە شەوەزەنگی تیشك نەدیتوو
ئاڵقەی گڕگرتوو
بۆمبای داتاشراوی فڕۆکەوانی ژەنگ
بەڵام دەڕۆم و... هەر دەڕۆم
سەفەر بەرەو کۆتاییە

من دڵۆپم
کانیم
رووبارم
ژیانم
گیانم
ئەرێ، من ژنم
ئەمڕۆ دڵۆپێکی پڕتاوم
کانییەکی هەڵچووم
رووبارێکی خرۆشاوم
چی لەمپەر و کۆت و زنجیرە
لە ژێر پێیمدا دەیهاڕم
ئەمڕۆ هاتووم شەقامەکان رابماڵم

**ئەمڕۆ هاتووم**

**مارشی 8 ی مارسم**

**وا بەرز بکوتم**

**بە زرمەی، شووشەی ماڵی کام قورئان**

**قایم و بەرزە**

**بیچڕژێنم.**

**ئەمڕۆ هاتووم دەسکەوتەکانم جەژن بگرم**

**سروودی نان و ژیان بڵێمەوە**

**وە دیسانەوەش**

**بەرەنگاری هەڵاواردن، چەوساندنەوە و**

**دابونەریتەکان ببمەوە.**